**ڕەوینەوەی ترس لەدەسەڵات**

**عوسمان حاجی مارف**

هەوڵدانی ئەو دەسەڵاتە سیاسیانەی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا ڕێگای ئەوپەڕی توندوتیژی و سەرکوت و دڕندەیی دەگرنە بەر، هەروەها هەرچی تواناو ئیرادەو ئومێدی خەڵکە دەیکەنە ملکەچی هێژمۆنی عەقیدەو سیاسەتەکانی حزبێک، هێزێکی سیاسی، بنەماڵەیەک، کەسایەتیەك، یا هێزێکی مافیا ئاسا وەک باڵ و ڕەوتێکی بۆرجوازی...کە بۆخولقاندنی ئەو دۆخ وهەلەیە تاپێگەی دەسەڵاتی هێزەکانیان بۆ بە دەستهێنانی زۆرترین قازانج لە ناو بازاڕی سەرمایەداری جیهانیدا جێگایان بێتەوە.

ئەم جۆرە دەسەڵاتانە لە ڕێگەی بەکارهێنانی جۆرەها دامودەزگای داپڵوسێنەوە لە پانتاییەکی فراواندا، بێئیرادەکردنی جەماوەری کرێکاران و زەحمتکێشان وەها نائینسانی و بە بەرنامە دەسەپێنن، کە ڕێگای ڕزگاربونی خەڵک لەو هەلومەرجەدا دەکەنە ئەفسانەیەک لە ئاسۆی دانیشتوانی ئەو وولاتەداو ژیانی خەڵک دەخەنە بەر دۆخ و چاوەڕوانیەک، کە کەسەکان وەها بیرکەنەوە، مەگەر فریادڕەسێک، موعجیزەیەک، کارەساتێک کۆتایی بەو کابوسەی سەر سەریان بهێنێت، یان دۆخێک دەخولقێنن کە خواستی ئازادی سیاسی و ڕزگاری دەچێتە جێگای ئامانجی بزوتنەوەی یەکسانخوازیەوە.!

ئەم جۆرە دەسەڵاتانە قێزەوەنترین دۆخی مەترسی و دڵەڕاوکێ دەخولقێنن و قەبوڵکردنی هەژاری و برسیەتی دەکەنە ژیانی نۆرماڵی ڕۆژانەی زۆرینەی دانیشتوانی وولاتەکەیان. ئارامی و ئاسودەیی بۆ خەڵکی دەبێتە ئومێدێك خەونی پێوە دەبینن و ڕێگای ڕزگاریش تا ئەو دەسەلاتە نەگریسە لە ژیاندا مابێت، تەنها هەڵاتن و کۆچکردن و ئاوارەییە. ئەم واقعیەتەش لە نێو پەیوەندیەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری جیهانیدا نەک هیچ پەرچەکردارێکی عەمەلی بۆ نیشان نادرێت، بەڵکو وەک پێداویستیەک بۆ پاراستنی پەیوەندی کارو سەرمایە مەقبولیەتی هەیەو وەک بەشێک لە پێداویستی دەسەڵاتی چینی بۆرجوازی بێدەنگی لێکراوە.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران نمونەیەکی بەرجەستەی ئەو جۆرەیە لە دەسەڵاتی سیاسی کە چل ساڵ زیاترە کورەی دۆزەخی بۆ جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و ئازادیخوازان گڕتێبەرداوەو ناوبانگی دەرکردووەو ناونراوە دەسەڵاتی سێدارە! ئەم دەسەڵاتە بە بەکارهێنانی عەقیدەی ئیسلامی و هێزی چەکدارو تەواوی پێکهاتەو دامودەزگاو ڕێکخراوەکانیەوە، گەورەترین مۆتەکە و کابوسێکی سەرسەخت و مەترسیدارە کە جگە لە دانیشتوانی ئێران ناوچەکەشی بە ئاشکرا ئاگر تێبەرداوە. لەهەمانکاتدا لەم چلوسێ ساڵەشدا لە نێو پەیوەندیەکانی بازاڕی سەرمایەداریدا کۆماری ئیسلامی ئێران بە هەموو ناشرینی و ڕیسوابونێکەوە جێگاو ڕێگای تایبەتی و پێویستی خۆی هەبووە بۆ پاراستنی هێزی کاری هەرزان لە ئاستی دەوڵەتانی جیهاندا.

ترس لە دەسەلات بە جۆرێک دەکەنە واقعیەتێك و فەزای کۆمەڵگە، کە دەبیستین لە نێو خەڵکیدا چەندین دەستەواژەی ئاگادارکردنەوە دەوترێت "دارو دیوار گوێیان هەیە"، "دروسێ خەبەر لە دروسێ ئەدات"، "پێویستە لە هەموکەس بترسیت و بڕوات بە برای خۆشت نەبێت"! بە مانایەک پەیوەندی دۆستانەو هاوکاری نێوان ئینسانەکان بەجۆرێک دەشێوێنرێت، بەزەحمەت ناڕەزایەتیەکان دەچێتە سەر ڕەوتی ئامادەیی و هاودەنگی و یەکڕیزی و ڕێکخستن. هەر بۆیە ماوەیەکی زۆر تا ئەوکاتەی ناڕەزایەتیەکان ڕێگای هێز کۆکردنەوە دەگرێتە بەرو فراون دەبێتەوە، چاوەڕوانی لە فریادڕەسێک یا موعجزەیەک حاڵەتێکی نەگونجاوو نەرێنی دۆخی ناڕەزایەتیەکان دەبێت. کۆمەڵگەی ئێران چلوسێ ساڵە گیرۆدەی دەسەڵاتێکە وەک ئەختەبوت خۆی کێشاوە بەسەریانداو بەری هەوای پاکی لێگرتون و یەکریزی چینە نەدارەکانی پەرش و بڵاوە پێکردووە.

ئەم ئەختەبوتە دەبێت پارچەپارچەبکرێت و لە ڕێگای هێزی واقعی ناڕەزایەتی جەماوەری ناڕازی ژنان و کرێکاران و زەحمەتکێشان و ئازادیخوازنەوە کۆتایی پێبهێنرێت، چونکە چاوەڕوانی لە فریادڕەس و موعجزە، وەلانان و گۆڕینی ئەختەبوتێکە بە ئەختەبوتێکی تر.

پاکردنەوەی ئەم جۆرە دەسەڵاتانە بە خۆی و پێکهاتەو بۆچونەکانیانەوە لە هەر شوێنێکی دنیادا تەنها لەڕێگای خەباتی جەماوەریەوە دەبێتە هەلومەرجێکی شۆڕشگێرانە کە ترس لە بەرامبەر دەسەڵاتدا پێچەوانە دەکاتەوە. واتە دۆخی ترس لە دەسەلات دەگۆڕدرێت بەترسی دەسەلات لە جەماوەری ناڕازی. ئەو ناڕەزایەتیانەی کە چوارمانگە لە ئێراندا نمایشدەکرێت، پێش هەموو شتێک ئەوەمان نیشان ئەدات بەلای جەماوەری ناڕازیەوە، دوای چلوسێ ساڵ لە ژیانی خەفەقان، بە پێشڕەوی ژنان و بە ڕۆڵی کرێکاران و خەڵکی هەژارو ئازادیخوازان، ترس لە دەسەلات بەڕادەیەک چۆک دانادات بە خەڵکی نارازی، کە بە هەر ئاست و شێوازێک، بۆیان گونجاو بێت ڕێگایەک پەیدا دەکەن تا گورز بەدوای گورز بە دەسەڵاتدا بکێشین و پاشەکشەی پێبکەن.

بەڵانسی ئێستای ناڕەزایەتیەکانی جەماوەری ئێران گەر بەوە بناسینەوە کە ترس لەم ئەختەبوتە تا ڕادەیەکی ئەرێنی و گونجاو ڕەویوەتەوە، لە هەمان کاتدا ئەو ڕێگایانەش کە لەم هەلومەرجەدا بەم شێوە فراوانە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی زیاتر دەیگرێتەبەر لە توندوتیژی و ئەشکەنجەو سێدارەدان، پێویستە ڕۆشن بێت بۆمان کە ڕەنگدانەوەی ترسی دەسەڵاتە لە ئایندەیەک کە لە فراوان بونەوەی زیاتری ناڕەزایەتیەکان و بەردەوامی لە هاویشتنی تەواوی گورزەکاندا بەرەوڕوی بۆتەوە. ئیتر کۆماری ئیسلامی بۆی ناکرێت و ناتوانێت دەسەڵاتی سیاسی بە قازانجی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری بپارێزت. هەروەها ئیتر عەقیدەکەشی بۆ ئەو مەبەستە پولێکی قەڵب ناکات. واتە ئەم دۆخە ئەوەمان نیشان ئەدات نەمانی ترس لە دەسەڵات و بەردەوامی ناڕەزایەتیەکان لە هەر ئاست و شێوازێکدا بێت هەنگاوێکی لە پێشە بۆ هاتنە مەیدانی ڕابەرانێک کە بتوانن لە ئامادەکردن و بردنە پێشی ئاستی ناڕەزایەتیەکاندا، ڕۆڵی ڕێکخستن و چونیەتی بەهێزکردنی هەنگاوە عەمەلیەکان بگێڕن و هەژمونی و سەربەخۆیی ئیرادەی جەماوەر لە پێکهاتنی دەسەڵاتی سیاسیدا بنەمای هەر هەنگاوێکی عەمەلی و شۆڕشگێرانەیان بێت.

سەرکەوتنی شۆڕش لە ئێراندا دنیا دەخاتە دۆخێکی تازەوە کە پێش هەموشتێک پاشەکشە بە نەخشەو دارشتنی بەرنامەی ترس لە دەسەڵات دەخاتە بەردەم پاشەکشەیەکی گەورەوە.